سەماحەتی حەکیم پێشوازی لە شاندێکی سەرکردایەتی کۆمەڵەی (عێراقی دواڕۆژ) کرد و جەختی لەسەر یەکێزی نیشتمانی بەرپەرچدانەوەی گوتاری توند ڕەو کرد

بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی لە نووسینگەی خۆی پێشوازی لە کۆمەڵەك ئەندامانی سەرکردایەتی کۆمەڵەی (عیراقی دواڕۆژ) کردکە پێکهاتبوو لە دکتۆر (ئیبراهیم بەحر ئەلعلوم) وەزیری نەوتی پێشوو لەگەڵ دکتۆر سالح ئەلحەسناوی وەزیری تەندروستی و دکتۆر عەلی شوکری سەرۆکی دەستەی ئاوەژکاران لە سەرۆکایەتی کۆمار.

لەم دیدارە باس لە پێشهاتە سیاسییەکانی ولات و شایستە داهاتوەکان کرا، سەماحەتی دووپاتی کردەوە کە عێراق لە قۆناغێکی سەقامگیری گرنگ لەسەر هەموو ئاستەکانی سیاسی و ئەمنی و کۆمەڵایەتی تێپەڕ بووە، ئاماژەی کرد کە ئەو سەقامگیرییە بەدی نەدەهات گەر قوربانی گەورەی عێراقییەکان نەبوایە کە لە رکابەرییەکان پێشکێشیان کرد، هەروەها ئەو ڕۆڵە سەرکردایەتیەی مەرجەعیەی بالای ئاینی بە فەتوای جیهادی بەرگری کردن کردی لەگەڵ بەشداری و چالاکی کۆمەڵگەیی جیاواز.
سەماحەتی حەکیم جەختیشی کردەوە لەسەر دەستگرتن بە یەکێزی نیشتمانی بەو پێیەی کە کۆکێکی سەرکیە بە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕکابەرییەکانی ئیستا و داهاتوو، داواشی کرد گوتاری توند و تیژ ڕەت بکەنەوە و کار لەسەر گوتاری هەوری سیاسی بکەن و کەلتووی گفتوگۆ و کرانەوە پەیڕەوی بکەن.